هەردوو مسوڵمانێک بەیەک بگەن وتەوقە بکەن؛ ئەوا خوای گەورە لێیان خۆش دەبێت پێش ئەوەی لەیەک جیا ببنەوە

لە بەڕائەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەردوو مسوڵمانێک بەیەک بگەن وتەوقە بکەن؛ ئەوا خوای گەورە لێیان خۆش دەبێت پێش ئەوەی لەیەک جیا ببنەوە».

[سەحیحە بەکۆی ڕێگاکانی] [(أبو داود والترمذي وابن ماجه وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیێنێت کە هەردوو مسوڵمانێك بە یەك بگەن لە ڕێگاوبان وهاوشێوەکانی، وبەکێکیان سەلام لە وی تر بکات بە تەوقە کردن ئەوا خوای گەورە لەکاتی ئەو تەوقە کردنەدا لە گوناهیان خۆشدەبێت؛ هەتاوەکو لە یەکتر جیا دەبنەوە بە تەواو بوونی تەوقە کردن یان بە دوورکەوتنەوەی لاشەیان لە یەکتر.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6257